## بەردنووسی بەغستان (بێستوون)

بەداخەوە نووسراوەیەک کە نیشاندەری دەسەڵاتداریەتی مادەکان بێت تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە و زانیاری سەبارەت بەوان تەنیا لە بەردەنووسە ئاشووری و هەخامەنیشییەکانی ئێران و هەروەها هەندێک نووسراوەی یۆنانییەکاندا دەست دەکەوێت.

یەک لە بەردەنووسە گرنگەکانی سەردەمی هەخامەنیشی، بەردەنووسی بەغستانە لە کرماشان. من لێرەدا هەڵبژاردەیەکی ئەو بەردەنووسە دەهێنمەوە کە لە پەیوەندی ماد و مادەکاندایە و هەندێ بۆچوونی خۆم لەمەڕ رووداو و شوێن و کەسایەتییەکانیشی لێ زیاد دەکەم :

١. *" ... من بووم بە شای ئەم[شوێن] انە : ... ماد، ... ، و مەک کوران"*

تۆ بڵێی ئەم "مەک کوران" ە، موکری و موکریان نەبێت؟

٢. *" ... من "گاوماتەی موغ" م کوشت لە قەڵایەک بەناوی "سیکایائووەتیش" و لە وڵاتێک بەناوی "نیسایە" لە ماد ..."*

ئایا ئەم "نیسایە" یە هەمان پێتەختی مانناکان نییە؟ ئەگەر ئەو بێت، ئایا قەڵایچی یا سەراو و رەحیمخانی لای بۆکان نییە؟ قەڵای "سیکایائووەتیش" کامەیە و دەبێ کوێ بێت؟

٣. *" ... پیاوێک بە ناوی "فەروەرتیش" لە "مادیە" را بوو و نافەرمانی منی کرد. سوپایەکەم نارد... لە شوێنێک بە ناوی "ویدەمە" شەڕیان لەگەڵ کردن و سوپای ئەو نافەرمانەیان تێک شکاند... سوپای خۆم لە گوندێک بەناوی "کەم بەدّ" لە ماد مایەوە تا من گەیشتمێ... لە شوێنێک بە ناوی "کودوروش" لە ماد بە یارمەتی ئەهورامەزدا تێکم شکاند و فەروەرتیش هەڵات بۆ گوندی "رەغە" ... لەوێ گیرا و لە "هەگمەتانە" کوشتم ..."*

ئەو ناوی شوێنانە، ئێستا کوێ دەگرنەوە؟ ئێرانییەکان دەڵێن رەغە هەمان "رەی" یا "شەهر رەی" نزیک تارانە و هەگمەتانەش هەمەدانە. بەڵام ئەوانە دوورن لەڕاستی. چۆن لە "رەی" کابرایان گرتوە و چاویان دەرهێناوە و لووت و دەمیان کردوە و زمانیان بڕیوە، ئینجا هەڵیان گرتوە و بردوویانە لە هەمەدان بە شمشیر کوشتوویانە! (ئەو زانیارییانەم لە دەقی بەردەنووسەکە وەرگرتووە). بە بۆچوونی من "*رەغە*" شەهری رەی تاران نییە و دەبێ گوندێک بێت لە هەمان دەوروبەری بۆکان و مەهاباد و میاندواو، هەگمەتانەش هەمەدان نییە و زۆر وا هەیە قەڵایچی بێت.

٤. "... ئەمانە دۆست و برادەری منن: ..."

لێرەدا داریووش شانازی دەکات کە لە ماوەی پاشایەتی خۆیدا ١٩ شەڕی کردوە و ٩ پادشای گرتوون و هەمووشی بە یارمەتی ئەهوورامەزدا! ئینجا ناوی ٦ دۆست و برادەری خۆی دەبات کە هەموویان "پارسی" ن واتە خەڵکانی سەر بە هۆز و قەومی تر، وەک ماد و سەکایی هیچکام دۆستی نەبوون.

لە بەردە نووسەکەدا، هەروەها ناوی چەند شوێنی دیکەی "ئەرمەنستان" هاتوون کە بە هۆی تێکەڵاویی مێژووی گەلی ئەرمەنی و کورد و دەستاودەست گەڕانی شار و ناوچەکانەوە، بایەخی ئەوەیان هەیە ئەوانیش سەیر بکرێن و لێیان بکۆڵرێتەوە بۆئەوەی شوێنایەتی ئێستایان دیاری بکرێت.

سەرچاوە : *"متن سنگ نبشتەهای داریوش بزرگ در بغستان و استخر"، هاوپێچی وتاری سێهەم لە کتێبی "تاریخ ایران" نووسینی امیر حسین خنجی"، فارسی، کە هەر لە سایتی بۆکان – ڕۆژهەڵاتدا بڵاو بۆتەوە.*